www.kurdistannet.org
18/07/2003 21:21

به ناوی کوردستانی گەورە

# تا رووسەری هەڵکشێ، نرخی دۆلار دادەکشێ !!!

٢٠٠٣/٧/١٥
ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

لـە بارودۆخــی ســەیری ئەمــرۆی باژارۆکــی چکۆلـەی جیهانی دا، شتگەلـی زۆر عەجایەب، بە چەشنێکێ ســەیر، لەســەر یــەک شوێن دادەنێن. بۆ وێنە، پێت عەجایەب نەبێ، کە ئەگەر رۆژێک بڵێن، کە بە هۆی ئــەوەوە رێــزدار، ســەرۆک کۆمار فڵانی پێشو، موورم محەممەدی شەریف، بیلامانێ، زمانم لاڵ، هەر بۆ مانــدو دەرچــوونی کــاری رۆژانــە، ئەونەی تۆسقاڵێ خاتو فڵانسکی مونشی خۆی ختیلکە داوە، قیمەتی نــەوتی کــاڵ، هــەر بەر میلی، سێ دۆڵاری بێزمان چوەتە سەرەوە. کە رووناکە، لە بارودۆخێکی وەهادا، ئــەو دەڵاڵــانەی کــە نــەوتی زۆریان بۆ فرۆش زەخیرە کردوە، هەر چاوەڕێی ختیلکە و متیلکەو شتی ئەو چەشنە سەرۆک کۆمارە پێشوە رێزدارە رۆژاواییانەن!!!.

دیــارە ئــەم کارەســاتە تەنــیا تایبەت بە جیهانی رۆژاوا نیە و وڵاتانی دێکەش هەر کام چەشنە ختیلکەی تایبەتی خۆیان هەیە. کە لێرەدا، هەر لەم روانگەیەوە، شتێکتان سەبارەت بە تاران بۆ دەگێڕمەوە:

نــزیکەی ٢٠ ســاڵــە، لــە پیادەرەوەکانی شەقامی فیردەوسی شاری تاران، دۆڵار و پارەی دیکەی بیانی بە چەشــنی قاچــاغ ئاڵ و وێر (معامەلە) دەکرێن، هەرلەبەر ئەمە بەم جێگەیە دەڵێن بازاڕی دۆڵار فرۆشان و هەر کەس بیەوێ دۆڵارو پارەی قاچاغ بکرێ یا بفرۆشێ دەچێ بۆ ئەوێ.

کابــرایەک، کــە لەو شاقامە دووکانی ئامێری کامپیۆتیری هەیە، دەیوت بەێنێکە، هەر ئافرەتێک کە لەو گــوزەرەوە رەت بــێ و رووسەری (لەچک = دەسماڵ) ەکەی هەڵکشابێ، خێرا دۆڵار فرۆشەکان بە تاڵووکە دەنگــی دەدەن و دەڵــێن "خــانم محترم چرا بـه مـا ضرر مي زنـي، بـي زحمت روسري را پـايين بـيـار، بـا هم پدر كشتگي نداريم، حالا قيمت دلار پـايين مي آيـد". یــانــي : "خاتوونی بەرێز، بۆ زەرەرمان لێ دەدەی، بێ زەحمەتێ رووسەریەکەت بێنە خوارەوە، خۆ دوژمنی یەک نین، ئێستا نرخی دۆڵار دێتە خوارێ".

بــەم چەشــنە دەیگێڕاوە، کە خودی دۆڵار فرۆشەکان، دەبێ وەزعی بەستنی رووسەری ئەو ئافرەتانەی کە لەوێــوە رەت دەبــن، کۆنتــرۆل بکــەن، تــا نرخــی دۆڵار و مۆڵار کۆنترۆڵ ببێ. چون کاتێک ئافرەتەکان رووســەریەکانیان شل دەکەنەوە، هەڵیان دەکێشن و قژی سەریان دەردەکەوێ، خەڵک پێیان وایە خەبەر و مەبەرێکــی ئەوتــۆ هەیە و وەک ئێستای وڵاتی عێراق، دۆڵار نرخی دێتە خوارەوە، بە پێچەوانەش ئەگەر رووســەری و مەقــنەعە و شــتەکان ســفت و توند گرێ درابن و داکێشرابن، دەزانن کە هەوا هەورە و نرخی دۆڵار دەچێتە سەر.

بــۆیە دەڵــێن : بــەرز و نزمــی نرخی دۆڵار، لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی لفکەی رووسەری بە یەکەوە گرێ دراون !!!.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.